سێکس و ژن

ژن یەکێکە لە بوونەوەرە زەلیلەکان، بوونەوەرێکە ترسنۆك و شەرمن، بوونەوەرێکی بازرگانی پێوەکراوەو بەبێ ویستی خۆی و بەبێ ئاگاداری خۆی بازرگانی پێوەدەکرێت، بۆیە هەمیشە بەترسەوە کار لەسەر لایەنە عاتفیەکانی خۆیشی دەکات و ئامادەیە لە زۆر کاتدا، تەواوی حەز و ئارەزوو و غەریزەکانی خۆی بفەوتێنێت، تەنها لەبەر خاتری ئەوەی بەر نەفرەتی کۆمەڵگا نەکەوێت، کۆمەڵگا زیاتر کار لەسەر فەوتانی حەزەکانی ژن دەکات، بالادەستیی کولتوری باوکسالاری و پیاوسالاری و نێرسالاری و مێردسالاری وای کردووە، کە هەمیشە ژن بەرەو چەوساندنەوە بروات و نەتوانێت خۆی خۆی بێت، وایانکردووە ئەگەرچی خاوەن جەستەیەکی شۆخ و شەنگ و هۆشێکی ژنانیە، بەڵام هەردەم وەك پیاوێك وابێت، پیاوەکانی وڵاتی من دێن و باس لە مەترسیە دەرەکیەکان دەکەن کە دەبنە هەرەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانیمان، بەڵام باس لەوە ناکەن کە هەر خۆیان خەریکی کوشتن و لەناوبردن و سرینەوەو پاکتاوکردنی ژنانن، بەتەحەکوم کرنیان بە ژیانیانەوە، ئەوان خەریکی ئەنفالکردنی غەریزەکانی ژنانن، ناهێڵن بەپێ ئارەزووەکانی خۆیان مومارەسەی ژیانی خۆیان بکەن، بۆچی بۆ پیاوان مومارەسەکردنی هەموو حەزەکانیان بەحەزە سێکسیەکانیانەوە بەو پەری ئازادییەوە بێت؟ بەڵام ژن هەتا ئەوکاتەی دەبێتە هاوسەری یەکێك هەر نەتوانێت بە توخنی ئەو حەزەشدا بروات، ئەگەرچی ئەم پرسیارە رەنگە دژی بۆ دروست بێت و تێگەیشتنی هەڵەی بۆ بکرێت، بەڵام گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە لەناخی هەر ژنێکدا ئەو پرسیارە بوونی هەیە و زۆرجار رووبەرووی خۆی دەکاتەوە ، بەڵام هەموو جارەکانیش بەبێ وەڵامی لەلایدا دەمێنێتەوە، یان بۆچی ژنانیش وەك کوران حەزیان چووە سەر هەر کەسێك نەتوانن مومارەسەی سێکسیی لەگەڵدا بکەن، لە کاتێکدا پیاوان، هەندێك جار خاوەنی ژن و منداڵیشن بەڵام هەر چاونزن و زیاتر دەکەونە موجامەلەی ژنان، تا حەزە سێکسیەکانیان دابمرکێنەوە، یان زۆر جاریش دەکەونە وێزەی ژنە لەش فرۆشەکان، بەڵام ژنێك ئەگەر تەنیا سەیری کورەکانی وڵاتی خۆی بکات، دوورنییە، بەتەنیا ئەو سەیرکردنە ببێتە هۆکاری کوشتنی. تەنیا نیگایەك ببێتە هۆکاری سرینەوەی مرۆڤێك بەتەواوەتی لەناو شانۆی ژیاندا، کە ئیتر ئەو مرۆڤە بۆ هەمیشە ناتوانێت لە شانۆی ژیاندا رۆڵ ببینێتەوە. لەکاتێکدا پێویستە دادگایەك دابنرێت و زۆربەی پیاوە غەریزەبازکانی ئەو وڵاتەی من بریاری مەرگ بەسەریاندا بسەپێندرێت، چونکە پیاوان و کورانی وڵاتی من وەك کاڵایەك سەیری ژن و جەستەکەی دەکەن، وەك گورگێك دەکەونە وێزەی و هەر کاتێکیش ئەو نێچیرەیان دەست کەوت، ئیتر بەبێ ماندوبون هەوڵی تێربوونی خۆیان دەدەن و هەر کاتێکیش تێربوون لێی ئیتر بەبێ رەچاوکردنی هیچ ئەخلاقێکی مرۆڤانە، ئەو مومارەسانەی کە لەگەڵی ئەنجامدەدەن دەیکەنە کارتێکی گوشار بۆ دووبارە دەست خستنەوەی ئەو نێچیرەو ئابروبردنی لە ناو دەوروبەرەکەیدا. بۆیە پێویستە ژنانیش هەوڵی بەردەوام بدەن بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان، تا ئەوانیش وەك کوران و پیاوانی نێرینەی وڵاتی من بە ئازادی بتوانن بژین و بتوانن مومارەسەی حەزەکانی خۆیان بکەن بەبێ ترس و دڵەراوکێ و بەحەزە سێکسیەکانشیانەوە، چونکە تا ژن وەکو پیاو مافو ئازادی نەبێت ناتوانین بڵین و ژیانی مەدەنی و دیموکراسی پەیرەو دەکەین و ناتوانین بڵێن، یەکسانیمان بەرقەرارکردووە.

چرۆ ئیسماعیل ــ سلێمانی